www.kurdistannet.org

## من هاواری ئەم میللەتەو ئەمخاکەمە

ئەحمەد دەشتی



من هـــــاواری ئـەو میـللـەتە وئەو خاکەمە
ســــاڵەهایە تەژی ژانە و پڕ ســــــتەمە
من ئـــــاوازی کوردســــتانی ئەو گەلەمە
هەموو ژیانی مێژووی ون و خـــوێن وخەمە
ئەمن دەنگی ســەربەخۆیی ئەو هـــەوارەم
کە خاپوورەو لە ژێر دەســــتان پارەپـارەم
من قوربانی‌کوردســــــتانی لەتلەت کـراوم
پێشــــــــمەرگەمە بۆ وەلاتی زەوت کراوم
من ناســـــرەوم بۆسەربەرزی و مەردایەتی
هەموو ژیانم وا پێشــــــکەشی کوردایەتی
تف لە تۆ بێ ئەی خائین و کـــەوماری کورد
ڕوتان ڕەش بێ کوردکوژانی دروشـــت ورد
ئەمن دەنــگی سەربەخۆیی کوردســــتانم
قەت لانادەم لە ڕێبازی ســــــــەروەرانم
دەڵێم بـــژی هــەرکێ مەرد و کوردپەروەرە
کوێربێ هەرکێ کە دژ بەکورد لە ســـەنگەرە
ئەمن کوردم بۆ کوردســـــتان پێشمەرگەمە
قەت نابەزم تاکو لەســـــــەر ئەم خاکەمە
کوردســــــــــتانم چاوو بیرو هەستی ژینە
ســـــــەربەخۆییم بۆ وەڵاتم بیـــــر و دینە
دەڕۆم بەرەو ڕۆژی ڕوونی نیشــــــــتمانم
منهەڵدەدەم ئاڵای بەرزی کوردســــــتانم
قەت ناسرەوم تا ئەو ڕۆژەی ئاڵای کـــوردم
دەشـــــــەکێتەوە لە جهان و لەسەر هەردم
کەنگی کوردو خاکی مەزنی کوردســــــتانم
ســــــەربەخۆ بوو ئەوسا دەڵێم ئۆخەی ژیانم